# ئەلیزی

# نازدارترین گۆرانیبێژی ٢٠٠٦



ئەلیزی کچە گۆرانیبێژی بەرەگەز فەرەنسی بەنازدارترین گۆرانیبێژی ساڵی ٢٠٠٦ هەڵبژێردرا.

ئەلیزی جۆکۆتەی تەمەن ٢١ ساڵ کە ماوەی ٧ ساڵە بووەتە گۆرانیبێژ، بەدووەم ئەلبومی خۆی بەنێوی (شاماسی) سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشاو ناوبانگێکی بێ وێنەی پەیدا کرد. رۆژی ٢٠٠٦/٩/٣، لە بەرازیلای پایتەختی بەرازیل فیستیڤاڵێکی گۆرانی سازدرا کە تێیدا چەندین گۆرانیبێژی جیهانی وەکو میوان بانگهێشت کران. لەدواساتەکانی فستیڤاڵەکە ئەلیزی لەلایەن دەستەی بەڕێوبەرێتی فیستیڤاڵو ئامادەبووان بە نازدارترین گۆرانیبێژی ساڵی ٢٠٠٦ هەڵبژێردرا.

لەو فیستیڤاڵە کە ٢٥٠٠ کەس بەشداربوون، ئەرندریذا بیردوس بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ دەڵێ "ئەلیزی بەئەندامی لەشی تەواو سەرنجی گەنجانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، بۆیە بەنازدارترین کەسمان دانا".